# وەڵامێک بۆ کۆلکە نوسەرەکانی چەپەدۆڕاوەکان... جەمال فەتاح

ماوەیەکە کۆمەڵێک کۆلکە نوسەرو لەپەی چەپەدۆڕاوەکان دەمیان گەرم بووە دیارە من ماوەیەکی دوورو درێژە نامەوێت وەڵامی ئەو جۆرە کەسە لەپەو خوارو خێچانە بدەمەوە کەچی ئەوانیش وەک پیشەی هەر چەپێکی دۆڕاو ومەکرباز بە هەموو بارێکدا زمانیان هێناوەتە گۆ بەرانبەر بە نووسینەکانم، بۆیە پێم باش بوو هەندێک سەرنجی ئەو دۆڕاو و کەسە پڕو پاڵانتانە بدەمەوە بەگشتی بۆئەوەی لەلایەک بزانن خۆیان کێن ولەچی ئاستێکدان، لەلایەکیتریش بۆخوێنەرانی بەڕێز ڕوون بێت کەئەمانە بۆچی بەخەیاڵی چەقەڵ ئاسایان ئەیانەوێت لەوەزنی ئەو نووسینانە کەم بکەنەوە کە پەیڕەوی ڕێبازی کوردایەتی ڕەسەنن کە بەندەش شاگردێکی نووسین و نووسەری کوردایەتی ڕەسەنە.

ئەبێت سەرەتا ئەوە لەلای خوێنەران ڕوونبێت کە ئەو کەسە گەجەرانە جگە لەتاکە کەسێکیان ئیتر هەموویان بەناوی خوازراو ئەنووسنو وەک وشترمر سەریان لەژێرخاک شاردووەتەوەو هینیان لە هەواکردووە وناوێرن بەناوی خۆیان بنووسن شەو و ڕۆژ خەریکی ئیمێڵ کردنەوەن بەناوی خوازراو تاکو وەڵامی نوسین ونووسەرە نەتەوەییە ڕەواکانی پێبدەنەوە واتە جگە لە چوار پێی خۆیان چوار پێی تەزویرێشیان قەرز کردووە بۆ ڕاکردن بەدوای نووسەراندا.

خوێنەرانی خۆشەویست هەرچەند لە وتارەکانی پێشومدا ڕوونم کردووەتەوە مەبەستمان لەچەپی دۆڕاو کێیە؟ بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دۆڕاوانە خۆیان لە ڕاستیە کانی ناو نووسینەکان ئەبوێرن وخۆیان بەدۆڕاو نازانن بۆیە پێم باشە جارێکیکە ڕووناکی بخەمەسەر چەپی دۆڕاو بۆئەوە هەم خۆیان خۆیان باشتر بناسن و لەلایەکیتریش هەرچی زیاتر بۆ خوێنەران ڕوون بێت کەمەبەستمان لەچەپی دۆڕاو چییەو؟ کێیە؟. بۆ ڕوونکردنەوەی هەمووڕاستییەکان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو هەرچەند بەسەر چڵێش بێت چونکە هەر باسێک لەمێژووەکەی نەڕوانین لەناوەرۆک و ئایندەشی تێناگەین، وە لەلایەکیتریش من نامەوێت وەک ئەو کەسانە بۆخەیاڵ بژیم ئەگەر ئەو خەیاڵە هەزاران ساڵێش بخایەنێت وەئەنجامەکەشی نووچدان وشکستوو مایە پووچی بێت؟!.

دیارە فەلسەفەی سۆسیالزم یان کۆمۆنیزم، هەرلەکۆمارەکەی ئیفلاتوونەوە لەسەدان ساڵ پێش لەدایک بوونی عیسای مەسیح وە ئەوبیرە چەکەرەی کردووە و لەدوای ئیفلاتوونیش کۆمەڵێک بیرمەندی تری ئەوروپا بیریان لەپیادەکردنی ئەو بیرە کردەوە بۆئەوەی تێکەڵی ژیانی کۆمەڵگای بکەن بەڵام لەبەر نەگونجانی لەڕووەکانی ئاینی وکۆمەڵایەتی هتد.. ئەو تیۆریە لەگەل ژیانی کۆمەڵگای گەلانداو هەزم نەکردن و سەر نەکەوتنی لەلاین کۆمەڵگای گەلانەوە نەتوانرا پیادە بکرێت یان بسەپێنرێت بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا.

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەدواوە لەلایەن مارکس و ئینگلیس ئەو تیوریە خرایەناو چوار چێوەیەکی نوێ و بارنامەڕێژی بۆکراو گورو تینێکی تازەیان بەڕێبازی کۆمۆنیزم و سۆشیالزم بەخشی هەر بۆیە لەوە بەدواوە ئەو بیرە هەزاران ساڵییە سەرەتا بەڕێبازی مارکس وئنگلیز ناو نراو دوای مردنی مارکس لەلایەنی پەیڕەوانی ئەو ڕێبازەوە ناو نرا ڕێبازی مارکس ئەو ناو ناوبانگە وتوانای ئینگلیس ومارکس ئەوبیروردیەی ئەوان بۆ نوێکردنەوەی ئەو فەلسەفەیە خستنە ناو قۆناخ و قاڵبی نوێ وەڕاسپاردنی چەوساوەکان وەک

كەرەسەیەك بۆ گەشە پێدانی ئەو ڕێبازەو بەئاكام گەیاندنی، بەڵام ئەمانەش هەمووی نەیتوانی ئەو فەلسەفەو ڕێبازو بیرە كۆنە بخاتە قۆناخی لەدایك بوون وبیكات بە ئاوێنەیەك كۆمەڵانی خەڵك بەگشتی وچەوساوان بەتایبەتی بەرژەوەندیەكانی خۆیان لەناویدا بدۆزنەوە بەڵكو لەچەند خۆپیشاندانێكی كرێكاری كومپانیا دەستییەكانی ئەوكات لەئەمریكاو ئەوروپا بەو لاوە هیچ شتێكیتری نە ئەنجامداو نەبەدەست هێنا، هەتا سەرەتای چەرخی بیست واتە هەتا 1917/10/17 و پەیدا بوونی شۆڕشی بەلشەویكەكان لە ڕوسیای قەیسەری بەڕابەرایەتی لنین ئەو ڕێبازە نەخرایە قۆناخی جێبەجێكردن ونەكەوتە خزمەتی هیچ كەس تەنها لەچوار چێوەی چەند پەڕتووكێكدا مایەوە.
 كاتێكیش لەو بەروارەی سەرەوە لەڕوسیا بە ڕاپەڕینێكی نیمچە شۆڕشگێڕانە توانرا دەست بەسەر دەسەڵاتی سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕووسیادا بگرن و ئەو ڕێبازە لە یەكێتی سۆڤیەتدا بخەنەقاڵب وقۆناخی جێبەجێكردن، بەلاّم بە مردنی لنین لە ساڵی 1924 دا كەهەموو حەوت ساڵێك بوو شۆڕش سەریگرتبوو دەسەڵاتی گرتبووەدەست ڕێبازی حزبی كۆمۆنیستی ڕووسی شێوە لادان و كاڵبوونەوەیەكی بەخۆوە دیت وە لایاندا لەسەر ڕێبازی ماركس وئەوەی پەیڕەویان لێئەكرد فەلسەفەكانی لنین بوو كە لەو ماوەكورتەی ژیانی سیاسی خۆیدا بۆی بەجێهێشتبوون بەدیدی من ئەوەش بەتەنها بەس نەبوو بۆئەو هەموو دروشمە قەبەو فراوانەی كە یەكێتی سۆڤیەت و حزبی كۆمۆنیستی ڕووسی هەڵیگرتبوو دژی بەناو ئیمپریالزمی جیهانی وئیستعماری جیهانی وكۆنەپەرستی جیهانی وبەرەی ئایدیالزم بەگشتی وهەرجۆرە بیرو ئایدیایەكی ئاینی وفەلسەفی جیا لە فەلسەفەی كۆمۆنیزمی ڕووسی. بۆیە ڕەوشی لادان وكاڵبوونەوەی حزبی كۆمۆنیستی ڕووسیاو سەرانی ئەوحزبە ڕۆژلەڕۆژ ڕوولە هەڵكشان بوو نیزیكی 22 ساڵێك لەدوای مردنی لنین كە لەجەنگی جیهانی دووەمدا لەشكری نازیەكانی ئەڵمان وهیتلەر لەبەرانبەر لەشكری سوری یەكێتی سۆڤیەتدا و لەبەر سەرماو سۆڵەی لەڕادە بەسەری ڕووسیا دا شكستی خوارد، ئەسەردەمە ستالین سەرۆكی ڕووسیا بوو ئەو سەر كەوتنە بەیەكجاری ستالین وسەرانی حزبی كۆمۆنیستی سۆڤیەتی جارانی چەندان ئەوەندەیتر لووت بەرز كردوو بەجۆرێك كە ستالین ناڕاستەو خۆ داوای پەرستنی لەگەلانی ڕووسیا ئەكرد بەتایبەتی ولەچەوساوانی جیهان بەگشتی لەكاتێكدا كەستالین لەجەنراڵێكی كەلەوشك بەولاوە هیچیتر نەبوو.
 لەخۆ بایی بوونی ستالین لە ڕووداوی شكستی هیتلەرو لەدواییدا لەناوچوونی ولەكۆڵكردنەوەی دڕندەیەكی وەكو هیتلەرو نازیەكانی ئەڵمان وایكرد كە سەرانی یەكێتی سۆڤیەت بەتەواوی نەك لەسەر ڕێبازی ماركسو ئینگلیس دەر چوون بەڵكو بەتەواوی لەڕێبازی لنین نیش دەر چوون نەك هەر دەر چوون بەڵكو هەر ئەندامێكی لیژنەی مەركەزی حزبی كۆمۆنیستی ڕووسی خۆی لەلنین پێ شۆڕشگێڕترو شارەزاتر بوو، تاوای لێهات نەك هەر خزمەتی گەلانی یەكێتی سۆڤیەتی جارانیان نەئەكرد بەڵكو بەناڕەواترین شێوە كۆمەڵانی خەڵكی گەلانی سۆڤیەتیان ئەچەوساندەوە بەجۆرێك هیچ چەوسێنەرێك وەكو ئەوان نەبوو هیچ كەس خاوەنی هیچ سامان ومولكو ماڵێك نەبوو هیچ كەس خاوەنی خێزان و ژن ومنداڵی خۆی نەبوو، لەسەر پەیڕەوی كۆمارەكەی ئیفلاتوون خوورەوشتو باوە كۆمەڵایەتییەكانیان لەكۆمەڵانی خەڵك زەوتكرد و مرۆڤ لەڕووسیادا هیچ بەهایەكی كۆمەڵایەتی خێزانی وئەخلاقی ورەگەزی ورەوشتی بۆ نەمابووە وە، كۆمەڵگای سۆڤیەتی لەسای حزبی كۆمۆنیستی ڕووسیاوە ببوون بە كۆمەڵگایەكی بەردە لەباتی كۆمەڵگایەكی سكۆلارو كۆمەڵگایەكی مۆڕاڵی، چونكە هیچ بنەمایەكی كەلتووری نەمابوو نەكەوێتە

خزمەتی حزبی کۆمۆنستی سۆڤیەتی، بەکورتی بۆماوەی حەفتا ساڵ ڕووسیایان کرد بە زیندانێکی گەورە بو دانیشتوانەکەی ئەنجامەکەشی سی ئای ئەی ئەمریکی توانیی بەشێوەیەکی لەسەرەخۆ بەشێکی زۆر لەسەرانی ڕووسیابکڕێت ئەمەش هەموو خەفەقان وخنکاندنی ئازادیەکان وایان کرد بوو کە منداڵ لەسەر بابی کرابووە سیخوڕهاوسەر لەسەر هاوسەرەکەی لەلایەن دەسگاجاسویەکانی حزبی کۆمۆنیستی ڕووسیەوە، بەجۆرێک ئەوەی پێی بوترێت ژیانی سەربەستانەو سەربەرزانەو شەرەفمەندانە لەڕووسیای کۆمۆنیزمدا لەسای سەری سەرانی بێسەری کۆمۆنیزمدا بوونی نەمابوو.

ئەگەر بمانەوێت باسی تاوان و بێنەزاکەتی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بکەین بە چەندین کتێب نایەتی تەواوبوون بۆیە ئەمە تەنها نموونەی یەکەمی حوکمی کۆمۆنیزم بوو لەجیهاندا وە ئەم بۆن وبەرامە بێفەڕە یەکەم دیاری کۆمۆنیست بوو کەدایان بەڕووی لاپەڕەکانی مێژووی جیهاندا.

خەفەقان بەجۆرێک بوو کە گەندەڵی حزبی کۆمۆنیست وئیدارەی سۆڤیەت بەجۆرێک بۆگەنی کرد وەک برینی شێرپەنجە هەمووڵاشەی کۆمۆ نیستی لە ناو سۆڤیەت ولەدەرەوەی سۆڤیەتیش تەنییەوە بەجۆرێک کە سەرانی سۆڤیە خۆبەخۆ داوای ڕیفرم یانکرد لەنیوان حزب وئیدارەو پەرلەمان ولەشکری سۆڤیەتدا ئەویش ئەوە بوو میخائیل گورباچۆڤ دوا سەرۆکی سۆڤیەتی جاران بە دوو بڕیارو پرۆسە بەناوەکانی پرۆستەریکاو گلاسنێس داوای چاکسازی کرد هەرکە جەماوەری گەلانی چەوساوەی ڕووسسیا ئەو کەلێنەیان دیت بۆ هەڵمژینی هەوای ئازادی لەدوای زیاتر لە حەفتا ساڵ یەکسەر پەلاماری دەوڵەت ودام ودەزگای کرملین یان داو بەماوەیەکی کەم حکومەتی زیاتر لە حەفتا ساڵەی سۆڤیەتیان لە ڕەگو ڕیشە هەڵکەند و خۆیان وگەلەکانیانم لەو کۆتوو بەندەو لەو بێئابڕوویی وخەفەقانە و دژە دیموکراسیە ڕزگار کرد، هەر پاش یەکێتی سۆڤیەتیش هەموو وڵاتانی بەناو سۆشیالزم وکۆمۆنیزمی ئەورووپا لەلایەن گەلانی ئەوروپاوە سەر جەمیان لەڕەگو ڕیشە هەڵکنران وفڕێدرانە زبڵدانی مێژووی گەلەکانیان چوونکە وەک وتمان شێر پەنجەی حزبی کۆمۆنیستی ڕووسی پێشتر ئەوانیشی گرتبووەوە.

لەپێش ئەم ڕووداوانەی ڕووسیاو ئەوروپا نموونەیەکیتر تری حوکمی کۆمۆنیزم هەبوو لە کەمبۆدیا کەئەویش ڕژێمی پۆلپۆت بوو کاتێک کە لەوڵاتی کەمبۆدیا دەسەڵاتیان گرتەدەست کۆمەڵێک بڕیارو کرداری سەر سوڕهێنەریان ئەنجامدا پێم باشە یەک دوو نموونەی ڕژێمی پۆلپۆتی کۆمۆنیستی کەمبۆدیا تان بۆ باس بکەم لەوانەش، بڕیارێکیاندا پێویستە (خەڵکی شار هەمووی بۆماوەیەک بچێت بۆلادێ وخەڵکی لادێش بێن بۆشار) لەوبڕیارەشدا پێویست بوو ئەندازیار مانگا دۆشی بکات ودکتۆر کارو باری جوتیاری وبەپێچەوانەشەوە پێویست بوو جوتیارێکی نەخوێندەوار کاری پزیشک بکاتو ئافرەتێکی نەخوێندەواری گوندنشین مامۆستا بێت لەقوتابخانە یان کاری ئەندازەیی و ئەندازیاری بکات؟؟.

یان ڕۆژێک بڕیاریان دەر ئەکرد ئەوەی سەری سفرە بیگرن و ئیعدامی بکەن ئیتر ئەگەر لەبەر حەساسیەتیش سەری سفرکردبێت. ڕۆژێکیتر ئەوەی کراسی ڕەش لەبەر نەکات سزای مردن بوو.

لەهەمووی سەیرتر ڕۆژێک لەڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی وڵاتدا بڵاویانکردەوە شای کەمبۆدیا ئەگەڕێتەوە وڵات سبەینێ لە فرۆکەخانە ئەبێت ئۆتۆمبێل وپاس ئامادەکراوە بۆتان لەفلان جێگا ئەوەی ئەیەوێت پێشوازی لێبکات بابێت کاتێک خەڵکی چوون بۆبینینی ئەوسیناریۆیە

ئەوەی سواری ئەو پاس و ئۆتۆمبێلانە بوون هەموویان بران وگولەبارانکران. تاکو گەلی کەمبۆدی ڕاپەڕی ولەناوی بردن ولاتی کەم بۆدیایان کرد بە گۆمی خوێن.
نمونەیەکی تریشیان ڕژێمی میلۆسۆڤیچ بوو لە دۆڵی بەڵقان کە بەملیۆنان لەژنو منداڵ وپیرو پەک کەوتەی کروات وبۆسنەو هەرزە گۆڤینیاوئەلبانیای بەزیندوویی کردبەژێر خاکدا.
ئەمانە بوون نمونەی یەکەمی دۆڕان وریسوابوونی چەپ لەجیهاندا.
نەموونەی ئێستاشیان کەئێستا ماون ڕژێمی فیدڵ کاسترۆیە لەکوبا وڕژێمی کۆمۆنیستی کۆریای باکورە کەلە هەموو دنیادا بێزراون و گەلەکانیشیان تووشی دەیان نەخۆشینی ئیداری وئابوری ومالۆیرانی ودەیان گرێی دەروونی بێچارەسەر کردووە و ونکردنی دادپەروەری سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوری ودیموکراسی هەردەم پیشەی چەپەکانی جیهان بووە.
بۆ نمونەی سێیەم ئەبێت بڵێین ئەی چەپەدۆڕاوەکانی کوردستان کێن؟؟.
دیارە بەدرێژایی مێژویەکی دوور کە خۆی لە زیاتر لە هەشتا ساڵ ئەدات بیری چەپ هاتووەتە ئێراق وکوردستان بەڵام لەیەک حزبەوە ئێستا بوون بە چەندین حزب وڕێکخراو ئەمانەش هەمووی کێشە نییە بەڵام ئەوەی کەکێشەیە ئیفرازات یان خەڵتەی چەپەکانە کەمن ناوم ناون چەپە دۆڕاوەکان، ئەوانەش هەرکاتێک باڵێکی چەپ پارچە پارچە بووبێت یان بووبێت بە دوباڵ لەئەنجامی ئەو لێکخشاندنەی ئەو دووباڵە یان زیاترەدا کۆمەڵێك خەڵك دەرپەڕێنراون لەو حزب وڕێکخراوە چەپانە ویان ڕوویان لە ئەوروپا کردووە یان لەماڵێ خۆیان دانیشتوون بەڵام وەک ئەستێرەیەک یان هەر لەشێکی ئاسمانی کە لەمەداری خۆی دەر ئەچێت ئیتر نەڕێگا ئەپێکێت ونەمەدارێک هەیە تاکو بەشێوەی یاسایی خۆی لەسەری ڕێ بکات تاکو هێزی ڕاکێشانی ئەستێرەیەکیتر کێشی سەر زەوی خۆیی ئەکات و لەناو خۆیدا ئەیتوێنێتەوە یان وەک ترازووی بەن بچراو نەسیاسەتی حزبێکیش هەیە تاکو خۆیانی پێوە گرێبدەن و بەپێی ستراتیجی ئەو حزبە بنووسن وهەڵسوکەوت بکەن ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر بێباجانە بنوسن لەئەنجامی بێباج نووسینیشدا دیارە هەمووشت ئەڵێن وەبەگژی هەمووکەسدا ئەچن ئەوەی بەخەیاڵی خۆیاندا بێت ئەینووسن وئەیڵێن بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەئەو رووپان ئەو ئازادیە بێسنوورەی ئەورپایان قۆزتووەتەوەو لەباتی کەلکی ڕۆشنبیری وفەلسەفی بەکورد بگەیەنن دێن ولەسەر سایتەکان جنێو ئەبەخشنەوە بەجۆرێک خۆشیان نازانن ڕوولەکێبکەن یان کێ هۆکاری چارە ڕەشی ودۆڕاندنی ئەوانە بۆیە بەگژی پارتە شۆڕشگێڕو خاوەن پێگە جەماوەرەیەکانی کوردستاندا ئەچن، ئەمەش وەک ئەو ئافرەتانەیان لێبەسەر هاتووە کە (عەزیز نەسین) لەکتێبی گێلەپیاودا باسیان ئەکات کەهاتبوون بۆ زیندان بۆلای گێلەپیاو هەریەکی بەنیازێک شکایەتی لە گێڵەپیاو ئەکرد بەبێ ئەوەی گێڵەپیاو هیچیان بناسێت یان تاوانێکی بەرانبەر بەکەسیان کردبێت.
هیوادارم خۆتان بناسن ولێرە بەدواوە خۆتان بەستراتیجێکەوە ببەستن کەخێری کوردی تێدابێت نەک بەپێچەوانەوە بکەونە دژایەتی کورد چوونکە ئەم سەردەمە سەردەمی وەرگرتنەوەی مافی نەتەوەکانە لەسەروی هەموانیشەوە نەتەوەی بندەستی کورد بۆیە هەر جۆرە دژایەتییەک بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردو لایەنە شۆڕشگێڕە کانی کوردستان جگە لە تاوان هیچیتر نییەو بۆئێوەش جگە لەمایە پووچی هیچیتر نادوورنەوە، کوردستانیش کێڵگەی ڕێبازی چەپ وئەو فەلسەفەکۆنەی ئیفلاتوون نییە باوەڕتانبێت کە باوی ئەفەلسەکۆنە لەجیهاندا بەسەر چووەو باوەڕ ناکەم نەک تەنها لەکوردستاندا بەڵکو

لەسەرانسەری جیهانیشدا تازە جارێکیتر بێتە پیادەکردن، چونکە ئەوە بەبەر چاوی خۆتانەوە لە پێشکەوتووترین ولاتی ئەوروپا کەئەڵمانیایە ئەوە تازە دوومانگ لەمەوبەر پارتی دیموکرات مەسیحی سەرکەوتنی بەدەست هێنا کەپارتێکی ئایدیا لیزمین.

ئەم نووسینەشم بەبێ پاک نووس ناردووە بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز ئەکەم.

لە کۆتاییدا ئەم وەلامە بۆهەموو ئەوچەپە دۆراوانەیە کە بەهەڵە ئەنووسن وبەخیاڵ ئەیانەوێت ڕاستیە خۆرئاساکانی ڕێبازی کورداتی ڕەسەن چەواشە بکەن..

جمال فتاح

2005/12/17

لەندەن